کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا...؟ ... هەندرێن شێخ راغب

گۆشەی یەکەم:

یەکێك لە دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی کۆتایی شەشی ئەیلول(1974)، دروستکردنی دەخێکی دەرونی بوو لای تاکی کورد، کە هەرکاتێك دەوڵەتێکی بەهێزی جیهانی، یان ئیقلیمی، وازی لە کۆمەك و پشتیوانی کورد هێنا، ئەوا لەروی مەعنەویەوە یەکسەر وا دەزانین دنیا کۆتایی پێدێت و شەوی تاریك دەست پێدەکات. بەداخەوە ئەم دەخە دەرونییە هەتا ئێستاش بە تەخی لە لای ئەمەی کورد ماوە. وەك بڵێی شەشمان پێ نەکرێت، ئەگەر دەوڵەتێك یان هێزێکی جیهانی لە پشتمان نەبێت، هەرچەندە ئەم رەهەندی جیەپەلەتیك و جوگرافی خۆی هەیە، چونکە کوردستان شوێنێکی پڕ لە نەخشە و پلان و زەوی پڕ ململانێیە لەم بارەیەوە، بەڵام ئەمە بابەتی ئێستای ئەمە نیە لەم وتارەدا.
گەلی کورد بەهەموو شێوەیەك دەبێت ئەم دەخە دەرونیە تێك بشکێنێت.

گۆشەی دووەم:

دوو ئەزمونی کشانەوەی ئەمریکا: یەکەم: ساڵی (1991) ئەمریکا کۆتی لە چنگی بەعس دەرهێنا، بەڵام نەهاتە ناو بەغداو پاشکشەی کرد، ئەمەش صەدام حوسێنی مەست کردو هەوای پەلاماردانی کوردو شیعەی گرت، ئەوبوو، کەوەو کرا، ئەمریکا گەڕایەوە لەناو ئەنجومەنی ئاسایش پشتیوانی دروستکردنی هەڵەبجەی سیو شەشی کرد بە کورد لە عێراق، بەم فەرمە گەڕایەوە؟؟.

دووەم: زۆری بەسەر نەچووە، لەم رۆژانە بوو کە باراك ئۆباما گوتی ئەگەر دەربچم بەسەرکی ئەمریکا، تەواوی هێزەکانمان لە عێراق دەکشێنینەوە، ئەوکات دەنگێکی زۆر گەورە دروست بوو کە بەعسیکان دەگەڕێنەوە، ئێران بەتەواوی دەست بەسەر عێراقدا دەگرێت، تورکیا دێت، کورد دەخورێت...ئیدی دنیایەك سیناریۆی دیکە، ئەوبوو ئۆباما هاتو تەواوی سەربازەکانیشی لە عێراق کشاندەوە، بەڵام چی رووبدا؟ داعش هات، عێراق کەوت، بەئێرانیشەوە؟؟ هاواریان کرد بە گەڕانەوەی ئەمریکا، هاتەوە.
بۆیە دەشە بڵێم کشانەوەی تەواوی ئەمریکا لەسوریا، مانای

گەلانەوەیەکی بەهێزیەتی بۆ سوریا.

گۆشەی سێیەم:

تورکیا پێلاماری عەفرینی دا بۆ بیانوی تیرۆرو مەترسی ئاسایشی خۆی، تورکیا ئێستا هێرشە دژکات بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی فورات و ڕۆژئاوای کوردستان، هەر بۆبیانوی ناسەقامگیری سنورەکانیو داعشو تیرۆر؟؟. بەڵام کاتێك ئەمریکا بۆفڕمی لەسوریا دژکشتەوە، شتێکی گرنگ ڕوو دەدات، ئۆپۆزسیۆنی ناونیشانی شۆڕشگێڕ، لە ناوی شۆڕشی داعش، ئیدی ناونیشانی هەرێ زیندوو(دەستپێکردنی شۆڕشی کوردو تورکیا) یە، بۆیە ئێستا کە ئەمریکا دژکشتەوە مانای وایە داعش مەترسی گەورەی نەماوە، کە تورکیا هێرش بکات، مانای وایە پێلاماری کورد دەدات، پرسیار ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا ڕۆژئاوای کوردستان داگیردەکاتو نقمی لێوە نایەو وەك ئێستای عەفرین دەبێت،؟ بۆچونم وایە نەخێر. بۆیەکو یەکێك لە پێشهاتەکان ئۆپۆزیسیۆنی ئەمریکاو چەندین دەوڵەتی دیکە، تورکیا وەك صەدام مەست دەکەن، پێلاماری پێ دەدەن، دوایش هەر خۆیان لەناو ئەنجومەنی ئاسایش بۆیارێك بۆناوی ناوچەی ئارامو پاراستنی کەمایەتیەکانو یان باکوروو ڕۆژهەڵاتی فورات دەردەکەنو سوریاو تورکیاو ڕوسیایش دژخۆنە ناو تەڵەیەکی گەورەوە، وەك ئۆپۆی دوای کشانەوەی ئەمریکا بۆهەی هەڵی سیو شەش بۆ عێراقیان کرد؟. دژشت هەر خۆیان مەیدانەکە بۆ تورکیا چۆڵ بکەن، بۆیەن فڕمووو کورد بکوژێ، کوردستان داگیربکە، وەڕە ناو سوریا..بۆیەم دوایی توند قوڵگی بگرن. مادام ئەزمونی لەمجارە هەیە دژشت قەناعەتێك بەم گۆشەیە بکەین. ئەمە لەبەر خاتری چاوی جوانی کورد نیە، بۆیەکو ئەردۆغانو ستافەکەی قاچیان زۆر لەبۆیەکی خۆیان ڕاکێشاوە.

گۆشەی چوارەم:

ڕوسیا زۆر بۆ دوورخستنەوەی تورکیا لە ئەمریکا ماندوو بووە، چاوپۆشی زۆری لە کردەوەکانی تورکیا کرد، هەموو هەوڵێك دەدات تورکیا ببێتە هاوبەشێکی ستراتیژی بۆ ڕوسیا، هەر بۆ نمونە سیستەمی موشەکی ئێس 300 دژفرۆشتە تورکیا، کە ئەمریکای زۆر هەراسان کردووە. لەهەموو بابەتو سیناریۆو سیاسەتەکانی ناو سوریا، ڕوسەکان دەستی تورکیایان ڕاکێشاوەو کورسی گرنگیان داتەوە تورکەکان، بۆیە کاتێك تورکیا موشەکی پاتریۆت لەئەمریکا دەکڕێت، کاتێك لە ئەمریکا نزیك دەبێتەوە، ڕوسیا ئۆگەر هیچ نەکات، خۆ دەبێت ئۆپۆی چەندین ساڵە لە سوریا بۆی تەنازوول کردووە، لەی وەربگرێتەوە. بۆیە نزیك بوونەوەی ئەمریکاو تورکیا، دژفێت دروست دەکات، ئەمجارە کوردو

روسیا لەیەکتر نزیك ببنەوە، تورکیا ناتوانێت هاوسەنگی ئەمریکاو روسیا بەمجۆرەی ئێستا رابگرێت، روسیا لە تورکیا قبوڵ ناکات تەواوی ڕژهەڵاتی فورات و باکوری سوریا داگیربکاتو هەیمەنەی گۆرەی خۆی دروست بکات، ئەوەی لە عەفرین بۆی کرد، بە خاتری ئەوەبوو لە ئەمریکا دوورکەوتنەوە، بەڵام کاتێك دەچێت موشەکی پاتریۆتی ئەمریکی دەکەوێت، مانای پێچەوانە بونەوەی هاوکێشەکانە، ئەمەش دەرفەتی ئەوە دەداتە کورد لەسوریا بەهێزی روسەکان زیاتر لە تورکیا بوەشێنێتو بارگرێی بکات، بە کەمکەی روسەکان. ئەمەش بارژەوەندی روس دروستی دەکات، نەوەکو چاوی جوانی کورد؟؟.

گۆشەی پێنجەم:

سەرچاوەکانی ناو کۆشکی سپی، ئاماژە بەوە دەکەن، کە تەواوی ڕاوێژکارەکانی کۆشکی سپی، جەن بەرتەن ڕاوێژکاری ئاسایشی ئەمریکا، زارك لە ژەنەڕاڵو ئەفسەرەکان، زارك لە گەنکرەسمانەکان، زۆر دژی ئەم بڕیارەی سارك ترەمپن، ناکۆکی زۆر لەم بارەیەوە هەیە، ئەمەش دەخەکی هەستیار دروست دەکات، کە کورد لەسوریا هەوە بدات، ئەم دەخە هەستیارەی ئەمریکا باش ماموستا بکات، لانی کەم مانەوەی ئەو هێزانەی کە بڕیاربوو ناوچەیەکی ئارام لێنوان تورکو کورد دروست بکەن لەڕۆژئاوای کوردستان. واتە نابێت بڕیاری کۆتایی بدەین، لەسەر خیانەتی ئەمریکا لە بەجێهێشتنی کورد بەتەنیا لەناو گەلەگورگی ناوچەکە، واقیعیە ئاگەر بەوامان بوە بێت، هێزە نودەوڵەتیەکان ڕێگا نادەن قەسابخانەی کورد دروست بێت، چونکە ئاسایشو بارژەوەندی خۆیان وا دەخوازێت، هەر زوو بڕیتانیا ڕەخنەی لەم بڕیارە گرت، ئیسرائیل دژ بوو، ئەوروپیەکان مەترسیان هەیە. یەکێك لە ڕاوێژکارەکانی کۆشکی سپی گوتی: کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا لەدانە لە هاوپەیمانێتی عەرەبی-ئەمریکی، عەرەبەکان نایانەوێت ئێرانو تورکیا کۆنگای ناو سوریا بن، چونکە پانتایی جیۆسیاسی خۆی هەیە کە هێشێی ڕاستەوخۆن بە ئەمنی عەرەب. ئەمەش گۆشەیەکی دیکەیە، کە قسە زۆر هەڵدەگرێت.

گۆشەی شەشەم:

کورد کارەکتەرەکی نا دەوڵەتیە، گروپە، دەوڵەت نیە، کیانی فەرمی نیە، وەك نوێنەری ئەمریکا بە کاروباری سوریا وا وەسفی کردین، کە گوتی. مامۆستای ئەمە لەگەڵ ئەم گروپە نا دەوڵەتیانە، تاکتیکیە، هەر کاتێك ئیشمان پێ نەمان، وازیان لێ دەهێنیو دەوڵەتێکی بەهێزی وەکو تورکیا بەمانە ناگەیەنەوە. ئەمە ڕاستە..بەڵام جێگای باوەڕ

نیە بە کورد، لەبەرچی؟ بە نمونە ئەستا جەنگەکانی ناوچەکەو جیهان، یان بەهەم سیاسەت گروپە نا دەوڵەتیەکان دەیکەنو ئەنجامی دەدەن، حوسیەکان لەیەمەن، حزب اللە لە لوبنان، حەشدی شەعبی لە عەراق، بەرەی نوصرەو شام لە سوریا، پەیدەو سوریای دیموکرات لە سوریا، لەهەموشی گرنگتر داعش، داعش گروپەکی نادەوڵەتی بوو کە ئەمریکاو جیهانی هەنایە سەرخەت، بۆیە گروپە نا دەوڵەتیەکان زەر گرنگنو ئەمریکا راست ناکات، گەلی کورد لەسوریا بەمجەرە سیاسەتانە نابەت مەوقیعی گرنگی خەی لە بیر بچەت. بەمجەرە بەت کە ئەمریکا سوریا جبهەەت، تورکیا بەتە ناو خاکی رۆژئاوای کوردستان، هەمان مانای هەیە، چەن؟ چەن سەربازەکانی ئەمریکا بە دەوڵەتی سوریا بیانین، سەربازی تورکیش بیانین، هەر دەبەت لەناو سوریا بەنە دەرەوە.

گەشەی حەوتەم:

راست ناکەین ئەگەر بەین کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا، کاریگەری مەعنەویو دەرونی لەسەر کورد نابەت، وەك لە گەشەی یەکەم رونم کردەوە، بەام شتەك هەیە هەز دەبەخشتە من، ئەویش لەدوانی بەرپرسانی رۆژئاوای کوردستانە، کە سانی رابردووش هەمیشە گوتویانە تەنها پشت بە گەلی خەمان دەبەستینو دەزانین روسیاو ئەمریکا تاسەر دەستی ئەمە نین، تەنها گەل سەرچاوەی پشتیوانیە، بەس کەشکە ئەویە ئایا ئەمەی کورد بەرگەی ئەم هەموو چەكو چەو فەکەو سوپاو دەوڵەتە دەگرین، لەلایەك هەشکانی تورکیا، لەلایەك گورگەکەی دیمەشق کە بەردەوام نکەی لە بونی جوگرافیاو کیانی کوردی دەکات لەناو سوریا؟؟ ئیرادەی کورد نابەت تەك بشکەت، دوای کەوی گەورەی کورد، کیانی کوردی لەدایك بوو کە کەس چاوەی نەدەکرد. کەواتە وەك چەن رابردوو نەتواینەو، داهاتوش بەردەوام دەبین.
من دەنیام گەشەی دیکەش لە داهاتوو لەسەر پرسی کورد، لەسوریاو عەراقو تورکیاو ئەران، زەر دەنە ناو باسو خواسەو، جارە ئەمە با سەرەتایەك بەت.

ناسنامەی ئەدەبی ... عەبدولموتەلیب عەبدوللا

ناتوانین هەرگیز لە زمانێك زیاتر بە كار بهێنین.
"دریدا"
ناتوانین هەر تەنها زمانێك بە كار بهێنین.
"عەبد ئەلكەبیر ئەلخەتیبی"

لە ژێر تایتڵی پرسیارکردن لە تاریکی و سەبتایتڵی " لە هیچ دنیایەکەوە ڕەوانە نەکراوم" کتێبی ناسنامەی ئەدەبی (عەبدولموتەلیب عەبدوللا) لە بڵاوکراوەکانی گەڵاری "نما" هەولێر 2018 کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە، ناوەڕۆکی ئەو کتێبە پێکهاتووە لەو بڵاوانە: نیگای هونەر، چاوی شێش، نەخشی منداڵی، خەیاڵی کتێب، شێشی نوێ، ئەدەبی بەرگری، پرسیارکردن لە ڕەمان و ڕەمانی کوردی، نیگای من و هەشتاکانی ئەدەبی کوردی، لە خوێندنەوەوە بە خوێندنەوە، من و یەکێتی نوسەران، من و ئازاد سوبحی وەك شاعیر، گەڵاری سەراب سەراب...
لە پێشکییەکی کورتدا پێناسەی ئەو کتێبە بەو جۆرە کراوە:
خوێنەری خشوێست ئەو دەقەی بەردەستتان یادەوەری نییە، چونکە گێڕانەوەی ژیانی کەسی نییە، وەك چەمکی یادەوەری داوای دەکات. ژیاننامە نییە، وەك ئەوەی لەسەر ڕاستبێژی وەستا بێت، بەڵکو زمانێکی دیکەیە بەرانبەر زمان و لۆگۆ زماندا! نەك بەو مانایەی کە کاری چارەسەرکردنی یەکێتی زمان بکات، بەڵکو بەو مانایەی کە زمان دەیەوێت.
بە هەر زمانێك کە (من) دەخێنە نێو ڕستەوە، یان یادی (من) دەکەینەوە، یان زمانی (من) ئاشکرا دەکەین.. ڕاستەوخۆ "من بیر دەکەمەوە"ی دیکارت ئامادەیی هەیە و (من) دەبێتەوە سەنتەری بیرکردنەوە. ئەو دەقە بە نیازە (من)ی دیکارتی و (من)ی گرامەرو (من)ی ئەدەبی بخاتە سەر خودی خۆی، یان سەر ئەمە.. بیرکردنەوەیەك هەیە پەیوایە کەی ئەو (من)انە لە ڕووە (سەسیە- ڕەشنبیری)یەکەی با جیاوازیش بن، هەر هاوشێوەن، چونکە کەی ئەو (من)انە بە هەمان واقیع و دەروون و دیاردەوە بەندن، ئۆگەرچی ڕۆگای زمانیان هەمان ڕۆگاش نەبێت.. بە دیوەکەی دیکەش دریدا لە (ل 44) کتێبی (احادیە الاخر اللغویە) دەڵێت: هەر چەند بە گومان بە دوای چیەتیمان لە نێو زماندا، وەك مەسەلەی گومانەوەی بکەتایی سەیر دەکرێت.

بە کـورتی دەمـەوێ بڵـێم (مـن) لـەو دۆقـدا بـابەت نـیـیە، بـەڵکـو دەکـەوێتـە نـاو ئـازمـوونی زمان و ئـازمـوونی (سـیسـیـف- رۆشنبیری)یـەوە، لـەوێـوە پـێیـوانـدی بـە جـۆرەکـانی (مـن) لـە لـۆگـۆ زمـان و زمـانی ئـەدەبـیـیـەوە دەبـەستـێت.

(1)

یـەکـێك گوتبووی ئـەوەی زەربـەی وەرزەکان پانتـاڵـەکی کاوبـۆی شین و کراسـەکی سـپی و کـاشـکی سـپی لـە پـێ دەکـا، هـەمیشـە کتـوبـڕکـی بـە دەسـتـەوەیـە و خـەیاڵی لـەڕ نـیـیە، ئـەوە موتـەیـبـە؟! دەزانم سـەرم لـە نـاو کتـێبان دەجولـێتـەوە، بـڵـێم وەك (ئـەرستـۆ)ی گـۆرە خـوێـنـدەری دنیا نا، خـەیـاڵـم بـەدوای گرتنی گـەردەلـوولـەوەیـە، بـڵـێم (ریلکـە) نیم! ئـەوە فیگـەری ژیانی رووتی منـە بـە کـەمـەکـێك دەستکاریـیـەوە، مـرۆڤـێك کـە نـەیـتوانی خـۆی بکوژێ، نـەیـتوانی وشـات جـبـهـێـنـێت، مـرۆڤـێك لـە ناخـەوە دژی دامـەزراوەی سیاسی و پـیـرەزی ئـیمانی داخراوو لـەگـەڵ شتـە پـیـرۆزەکانـدا دەتـەوێ...

(2)

نـابـە بـیـر لـە تـەکدانی دنیاو شـەڕش و یاخـیـبـوون بکـەیـنـەوە، بـڵـێم ئـەوەی ئـەمـڕۆ بـە شـەڕشمـان دەگـەیـنـێتـەوە، شتـە بچوکـەکـانـە نـەك حیکـایـەتـە گـەورەکـان، جـیـاوازیـیـە نـەك پـێیـوەسـتبوون...مـرۆڤبوونـە، مـرۆڤبوون زۆتـر بـە شـەڕشمان دەبـەستـێتـەوە، زۆتـر لـە پـرسی چـۆنیـەتـی ئـازادی...مـرۆڤی شـەڕشگـێـر بـەرگری لـە دادپـەروەری دەکات، شـەڕش پـێویستی بـە بـەرگـری نـیـیە؟! نـادادپـەروەری دیـارە، بـڵـێم دادپـەروەری تـەمـومژاویـیـە، وەك چـۆن تـاریکی ئـەو کـاتـە ئـامـادەیـە، کـە رۆنـاکی نـائـامادەیـە! دادپـەروەریش جگـە لـە ونبـوونی نـادادپـەروەری شتـێکی دیکـە نـیـیە! شـەڕش دیـارە وەك ئـەوەی هـەیـە، شـەڕشیش ئـەو کـاتـە بـوونی هـەیـە کـە مـرۆڤبـوون و دواتـر ئـازادی و خـودی دادپـەروەری.. لـە لـەوی مـەرگ نزیکترن، نـەك لـە دەمی ژیان...

(3)

شتـەکـان وەك چـۆن هـەن، ئـەوە نـیـن، یـان مـەرج نـیـیە وابـن.. ژمـارەی دانیشتوانی ئـەمریکا لـە شـەش پـێینت سـەی دنیا تـێپـەڕ ناکات، بـڵـێم ئـەو بانگـەشـەیـەی کـە بـە مافی مـرۆڤ دەیکات هـەموو دنیای لـەخـۆگرتووە، بـیر لـەوە ناکاتـەوە کـە لـە سـەدە پـێنجای سامانی هـەموو دنیا لـە ئـەمریکایـە، بـیر لـەو جیاوازیـیـە گـەورەیـە ناکاتـەوە لـە نـێوان ژمارەی دانیشتوانی دنیا و خـۆی... ئـەو قسـەیـەم لـەوەوە دێت، کـە ناکـۆکی سیاسی هـەموو شتـێکی بـەخـۆوە گـرێ داوەو هـەموو شتـێکی بـە رەمزکردوە. دەزانم هـەموو ناکـۆکیـیـەك بـەرئـەنجامی ناهاوسـەنگی هـەڵـە، ئـەی خـۆگونجانی خـەڵکی مانای چـیـیە؟ خـۆگونجانی خـەڵکی پـێیـوەستبوونـێکی درۆزنانـەیـە! ئـەو قسـەیـەم گشتگـیر و هـەندە ڕەق، بـڵـێم خـەڵکی بـە بـە ئـاگایی بـوون

باوەڕ بە ئایدیالۆژیا دەهێنن، بەر لەوەی بیر لە راستییەکان بکەنەوە.. خۆکەی هەمیشە بە کارەکە هەڵدەستن کە حەزی لێناکەن، چونکە دیانەوێت لە واقیع دوور بکەونەوە، ئەوە ئایدیالۆژیایە! ئایدیالۆژیا مانا بە هەموو شتەک دەبەخشێت بە تیرەر و کۆنەپەرستیش.. ئەوەی خۆکی بە ئاگا ڕەست دەکاتەوە ئایدیالۆژیایە، ئەوەی ماندوویان دەکات ئایدیالۆژیایە، ئەگەرچی ئایدیالۆژیا وەک ئەوەی هەیە، درزنانێش بێت.

(4)

کتێب ئازادی تاک دەچەسپێنێ و دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە. یەکەمیان هەر تەنها پەیوەندی بەوەوە نییە کتێب تێنیامان دەکات، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کە دەرگاو پەنجەرەکانی مێشکمان بەسەر ئەویدیکەدا دەکاتەوە. دووەمیان مەبەست دەسەڵاتی ڕەهایە، بەتام لەگەڵ ئەوەشدا کتێب بەشێوە کراوەکەی وزەیکمان پێدەبەخشێت کە بە مەعریفەی جیاوازەوە بنەدەن، هەمیشە لە نێوان وزەی مەعریفی و تێنیاییدا دیکتاتۆرییەت هەرەس دێنێ! لە پانتایی مەعریفەدا ژیان بە ڕەنگە جیاوازەکانی دەجوڵێتەوە، لە تێنیاییدا دەسەڵات بە کەس دەمێنێتەوە…دنیای کتێب و خەیاڵی خوێندنەوە، دنیای ڕامان و هەڵوەست و بیرکردنەوەیە. هەمیشە ژیان بابەتێکە مرۆڤ بەر لەوەی مامۆستای یەکەم ئەرستۆ دەڵێت بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین، بە تێنیا ناژین، پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە یەکمان دەبەستێتەوە نەک بازاڕ، بەڵام گرفتی ئەویدیکەی سیاسیی لەرەوە دەستپێدەکات لە بەیەک بەستنەوەی بازاڕی ئایدیالۆژیا.. گرفتی ئەویدیکەی سیاسیی ئەوەیە دەیەوێت وەک ئەوان بیر بکەیتەوە وەک ئەوان خەیاڵ بکەین و وەک ئەوان هەبژرین.. ئایدیالۆژیستەکان دەیانەوێ کتومت ئەوان بیت، سارتەر لە ئاماژەیکی بێناوبانگی فەلسەفیدا بە ئەویدیکە دەڵێت "ئەو منەی کە من نییە" بەڵکو ئەویدیکەیەک کە هەموو خەسڵەتە جەوهەرییەکانی خودی هەیە، لە بیرکردنەوە ئازادی و ویست…

(6)

(پەشمەرگە 1961)ی (ڕەحیمی قازی) یەکەمین ڕەمانی کوردییە، یان

(مەسەلەی ویژدان 1970)ی ئەحمەد موختار جاف، یان (لە خەوما 1975)ی جەمیل سائیب؟!.. رەمان وەك كردەیەكی هونەری پڕخشانەمز لەسەر بنەمای گۆڕانەوەو رووداوو كاراكتەر، لە نەوان خەیاڵ و حەقیقەتدا خەی دەبینەتەوە و بە شێوەیەكی تا ئەندازەیەك ئاڵۆز دەچنرێت.. ڕەنگە ئەو بە ناو پێناسەیە (ئاڵۆزی ڕەمان) و (ئازادیی ڕەمان) لەوەدا هەڵگرتەوە، كە تاكو ئێستا نەتوانراوە سنورەكانی ڕەمان وەك پێویست دیاری بكرێت!! كەواتە پێشمەرگەی (ڕەحیمی قازی) ئاڵۆزترین ڕەمانی چنراوی كوردییە، یان (لە خەوما)ی جەمیل سائیب چەمكی ئازادی لە ڕەمانی كوردی دەخاتە ڕوو؟! لەسەرەتادا هەموو ئەوانەش زەر گرنگ نیین، گرنگ ئەوەیە لە كوە وەستاوین، من دەڵێم هەتا ئێوەی دەگوترا كورد ڕەمانی نییە، با ڕەمان بنوسین.. لە نوكتەیەك وەستابووین، دەڵێت: كەسەك لە كافێیەكدا داوای قاوەیەكی بە سەرتوو دەكات، دوای نیو سەعات لە چاوەڕوانی، گارسۆنەكە دێتەوە دەڵێت: سەرتووەمان نییە، بەس شیریشمان نییە، بە قاوەیەكی بە شیرت بە دروست نەكەم.

(7)

بزاڤی ڕوانگە بەشەكی زەری ئەدەبی حەفتاكانی كوردی (باشوری كوردستان)ی داگیر كردبوو و بانگەشەی بە كەمەڵە دروشم دەكرد لەوانەش: وتەی نوێ، بیری نوێ، كرداری نوێ، لە ڕووی بیركردنەوە هەنگاوەكی نوێ بوو بەرەو یاخیبوون لە دابونەریت، لە زمانی سروشتامێزی گۆران و هاوەكانی.. ڕوانگە هەرگیز شكۆی نەبوو، ڕوانگە یاخیبوون لە ڕووی ڕەمزگەرایی و زمانی ئەدەبی و هونەرییەوە، بانگەشەی تیۆری هونەر بە هونەرییان دەكرد، هەموو ئەوانەش ڕوویەكی نوێی بە ئەدەبی كوردی بەخشی..

بە بۆای من هەشتاكانی ئەدەبی كوردی ئەوەندە تاریك نەبوو، ئەدەبی هەشتاكان جگە لە پەرەپێدانی چەژی هونەری و زمان و جوانكاری، مەعریفەی ئەدەبی قوڵتر كردەوەو دنیابینییەكی بوونگەرانەی بەرهەم هێنا! دەشێ جوانكاری و زمانی مەعریفی و خودگەرایی وەك سیمایەكی جیاوازی شیعرییەتی هەشتاكان هەڵگرینەوە، دەمەوێ بڵێم بە شێوەیەكی گشتی ئاكامی شیعرییەتی هەشتاكان، دەكەوێتە نێوان چەژو خودگەراییەوە.

(8)

خوێندنەوە فەزایەكی دیكەی جیاواز بە خەمان دروست بكەین.. لە تیۆری (وەرگرتن) لە یەك نەچوونی دەق و خوێنەر وەك یەكەك لە مەرجە بنەڕەتیەكانی (ئاوێتەبوون) قسەی لەدەكرێت! بە ئەو مەسەلەیەش ڕەخنەگری ئەدەبی (وولفگانگ ئایزەر) سوودی لە توێژینەوە كەمەڵایەتی و دەروونییەكانەوە وەرگرتووە بە

نموونە: لە بواری کەمایەتیدا تێکەڵبوونی دوو کەس ئەو کاتە بەشوەیەکی بەهێز رووددات، کە هەر یەك لەوانە بتوانن ناسنامەی کەنی یەکتر لەبیر بکەن، لە نوێوە یەکتر بناسن، چونکە لە کاتی لەبیرکردنی ناسنامە کەنکانیان هەر یەك لەسەر ئەویدیکە لە ڕێگای خوێندنەوەی حەقیقی خەی یان "ناشت" وێنەیەك دروست دەکات، یان تەئویلی تایبەت بەخەی دەبەت و هەر لەسەر بنەمای ئەو وێنەیەی کە لە یەکەم ناسینەوە دروست دەبەت، پەیوەندی نوێ دادەمەزرێنێ، دامەزراندنی پەیوەندی نوێ لەنێوان ئەو دوو کەسە، لەسەر بەش و پەکردنەوەی ئەو بەشایین، جگە لە پشتبەستن بە خوێندنەوەی حەقیقی و تەئویل شتێکی دیکە نییە، هەموو خوێندنەوەو تەئویلێکی نوێی دەقیش ڕەهەندێکی جولاو و نوێ بە تەوانین و بیرکردنەوەی خوێنەر دەبەخشەت! وەك دەزانین هەمیشە تەوانین و بیرکردنەوە لەسەر تەئویلی کەن و پشینە، حاەتە جگیرو پەگیرکە یان کەنکە زێتر دەچسپێنەت، بەو مانایەش هیچ خوێندنەوەو تەئویلکردنێکی نوێ لەسەر ناسنامەی کەن لە دایك نابەت، چونکە خوێندنەوەو تەئویلکردن لە دەرەوەی ئیبداع نییە، بە مانایەکی دیکە خوێندنەوە و تەئویلکردن لەسەر ناسنامەی کەن، زەرجار بە وەهم دگەەت، بەام لەگە هەموو ئەوەشدا خوێندنەوەو تەئویلکردنیش وەك کردەیەکی بەردەوام لە تەگەیشتن، هەرگیز خاوەندارەتی ناکەت، بەکو فەرمکە لە فەرمکانی بوون لە جیهاندا، بەو مانایەش دشە "وەهم"و " تەئویلکردن" دوو فەمی هاوپێوەست بن..

(9)

سوکرات لە دووری شاری زامان پیاسە دکات و لە نێو قساندا خەون بە شارێکی دیکەوە دبینێ! سوکرات لە دەرەوەی شاری زەرداران، لەگە قسان هەنگاو دنێ و خەون بە شارێکی دیکەوە دبینێ! شاری زامان و شاری زەرداران لەو دوو نەخشەیدا یەك واتایان هەیە، بەام دشە زامم شار بەوە ببات و زەردار ئەوە بە کە واز لە دەسەات ناهێنەت؟! لەگە هەموو ئەوانەدا دەزانم لە شەی نەوان کەسکان و هەزو گروپ و دیدە جیاوازکان.. خەونبینین یەتەپیایە، خەونبینین ئەو کاتە واقیعییە کە دادپەروەری بوونی هەیە، راستە دادپەروەری چەمکێکی ئیشکالییە! من چیەکنوس نیم، بەام هەوەمدا زامم لە نادادپەروەری وێنا بکەم و زەردار لە شەدا بنەخشێنم، چونکە لە مەژووی دەسەاتی کوردیدا خەونبینین هەمیشە کورتی دێنێ، نهێنی دەسەاتی کوردی لە ژمار نایەت، بە داخەوە مەژووی دەسەاتی کوردی، مەژووی شەو نادادپەروەرییە، نهێنی دەسەاتی کوردی ئەو نهێنیانەشن کە شەیدان بردیانە ژێر گڵ.

(10)

چەن (لم نیازمە)ی عەباس عەبدوللا یوسف و (دوکتۆر)ی هاشم سەراج و (گەرم نەبوونەوە)ی جەلال بەرزنجی و قەسیدەی (سوتانی رەنگەکان)ی دلشاد عەبدوللا و (لە غوربەتا)ی حەمە عومەر عوسمان و (تەمە سپیەکانی رۆح)ی کەریم دەشتی و (زەردك)ی ئەحمەدی مەلا.. وەك شیعر بە من جیاوازی خەیان هەبوو، ناسینی (ئازاد سوبحی)یش وەك مرۆڤ و وەك شاعیر، نەك هەر تەنها جیاوازی، بەڵکو دەکرانەوە بوو.
(11)
ئەمە کۆمەڵك هاوڕێی نوسەر، لە دوای ئەوەی لە رووی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانمان دووچاری جەرگبڕ لە نائومێدی بووین، دوای ئەوەی پانتایی میدیای کوردی جگە لە هیچ نەگوتن و بێنرخکردن، فریای گوتن و جیاوازی نەدەکەوت، جگە لە رووکارخوازی و دروشمبازاڕی ئازادی و ئەویدیکە شکاندن و پیاهەڵدانی بە بنەما، کاری بە بیرکردنەوەی جیدی و ڕاڤەکردن و ڕەخنەوە نەبوو.. ئیتر من و دانا سەعید سەفی و ئازاد سوبحی بیرمان لە دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی کردەوە، لە چەند بەیەکگەیشتنێکی سێ قۆڵیدا بیرکەی گۆڤاری (سەراب)مان هێنایە ئاراوە، دواتریش بە پێشنیارکردنی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە لایەن ئازادەوە، سەراب بووە جێگای بیرکردنەوەو پرۆژەی ئەدەبیمان.

هونەرمەند و چاخی نوێ … برایم فەقێشی

کاتێك وەك هەمیشە ترسێك دەمکووژێ
ئەرخەیانم جەلالی مەلەکشا
دەمگەڕێتەوە، دەمهەنتەوە و دەمکاتە وانە
بەقوتابخانەکانی هەموو دونیا…
مریەم قازی

ترس، کووشتن، گەڕانەوە، بوون بە وانە بە قووتابیان، ڕەگەکانی ژیان و مژووی نەتەوەیەك بە ناوی کورد دەنوێنن، کە شاعیر نێك لەی تێگەیشتووە، بەڵکوو خەی لەو مژوو و چارنووسەدا دیتەتەوە.
چ ترسێك شاعیر دەکوژێ؟ گەر ترس شاعیری کووشت، بە دەبە شاعیرێکی تر بیگەڕێتەوە، بیهەنتەوە، بیکا بە وانەی قوتابخانێ؟ وانەکە

چییە؟ مریەم قازی کە خەی کەسانی بەر لە خەی هەندەتەوە و بەسەرهاتیانی گەلاوەتەوە، خەی لەواندا و وەک ئەوان دووبارە دەبەتەوە و مەژوو دەگەڕێتەوە، مەژووی دووبارەبوونەوە، مەژووی دووبارەبووەکان!

مریەم قازی خەی بەتە ڕاوی، وەک ئەو کەسەی لە زەدی ئەمەوە، گەیشتە سەر چیای هیمالایا ، وەک ئەو کەسەی لە فرەسیکی ڕنوو-وە گەیشتە بەهاری قەڵاتان، لە بەرەو موکریان، چووە سەر تەرەغە، لە شارەکەم سنە، بەرەو ئاویەر هەڵکشا، لە کرانشینی، گەیشتە تیمچە و چەنانی، لە غەزەلنامە، گەیشتە سەرچەفتەی ئەرکەوازی. هەر کام لەو کەسانە شتەکی ونبووی کوردیان لە گەڵ خەیان گیەا، شتەک لە چەشنی ناسنامە، شتەک لە چەشنی بوونی ونبوو!

وردبوونەوە لەخە، قووبوونەوە لە مەژوو، خەدیتنەوە لە ناو مەژوو، کە مەبەست نەبووە، کوردی لە کارەساتدا کوەاندووە و ئەو هەستەی لا دروست کردووین، کە پەویستمان بە قوەتە قوەتی هەستی دەروونی خەمان هەبە! خەیاڵی زەد و نیشتمان، هەستی کوردبوون، ئازاد نەبوون، خاوەنی خە نەبوون، گرەی زیهن و دەروونمان بووە و نەکراوەتەوە. هونەرمەند، نووسەر، شاعیر وەبیرمان دەهێننەوە کە ئەمە ئازاد و سەربەست نیین، زەد ونیشتمانمان دزراو و دەڕاوە و خەمان خەمان چەواشە کردووە. ئەمە هەروەک چۆن پەویستان بە مەلا و خەلیفە و خاخام و کشیش و پیر وشەخ هەبووە بە ئەوەی جەزممان بکەن، هەروا پەویستمان بە کەسان بووە، بە ئەوەی بمانلاوێننەوە، تین و گومان پەبخەشن.

ئەمە پەویستمان بە مریەمی قازی هەبوو بە ئەوەی لە ڕێگای گەچانکەی باپیریەوە، مەژوومان وەبیر بهێنەتەوە، پەویستمان بە هەمن هەبوو بە ئەوەی هەڵمانگرێنەتەوە سەر کەماری کوردستان، پەویستمان بە هەزار بوو بە ئەوەی وەبیرمان بهێنەتەوە کە هەلاکەبەزن بووین، پەویستمان بە حەقشناس بوو بە ئەوەی دونە لە بیر نەکەین، پەویستمان بەشامی بوو بە ئەوەی ئازارکان لە بیر نەکەین، پەویستمان بە غوامەزا ئەرکەوازی بوو بە ئەوەی کوردی چین لە یاد نەکەین. ئەوان سەری سەردارانیان بەرز ڕاگرت، کە نەیار هەڕیدەواسین! ئەوان ڕووحی نەتەوە یان زیندوو ڕاگرت، کە لە دەروونی مرۆقی کورددا، دەکوژرا. ئەو ترسیە، مریەم قازی دەکوژە، بەڵام ئەو دەزانە شاعیرکی دیکە ئەو دەژێنەتەوە و ناهەڵە ڕووحی نەتەوە بمرە!

ئەم پەویستمان بۆ جڵال مەلکشای زیندوو هەیە کە وەبیرمان بهێنێتەوە، کە کاروانچییەکان لاڕێ بوون، ئەوان کە لە شەوڕەنگی پایتەختی کوردستان هەڵیانکوتایە سەری. ئەم پەویستمان بۆ پەشەوی زیندوو هەیە کە وەنەی گڕێی دوژمن و دەم وپلی بەدلەکانی ئەم نیشتمانە بخاتە بەرچاو. ئەم پەویستمان بۆ کەسانێ هەیە، کە قەڵەم بە ناو ڕەخی قرتماغی برینەکان و کەمی پە لە چەک و خوێنی نەتەوەدا بکەن، ئەم پەویستمان بۆ ڕەمانووس، فیلم ساز، دراماتۆرگ، وێنەکێش، بیرمەند، فەیلەسووف هەیە کە لە ناو مەشکماندا پرسیار و دیسان پرسیار و پرسیار ساز بکەن، ئەم بەرەو بیرکردنەوە بەرن. ئەم پەویستمان بۆ بیر و بیرمەند هەیە، کە کەسایەتی بۆ مرۆڤی کورد بگێڕنەوە و نەبنە دەستچێلەی ئاگرتنی کەشک و تەلاری کیانخەرەکانی کورد! ئەم پەویستمان بۆ بەدلە لە هەر چەشنێک نییە.
ئەم پەویستمان بۆ قازی، مەلکشا، پەشەو، نەبەز و کەسانی پاک سرشت و پاک ڕەوشت هەیە. پەویستمان بۆ هونەرمەند، نووسەر، نوخبەی بیرمەند هەیە، کە خەی بێت!

مەژووی ئەم، تەژیی لە بۆ هونەریی و نابیرمەندی و ناهۆشیاریی، تەژیی لە تێگەیشتنی چاخەکانی ناتێگەیشتن، پە لە تێکشکان و کارەساتە، ئەم مەژووە نووسەر و هونەرمەند و شاعیری ناو تێکشکان و کارەساتی پەروەردە کردووە. ئەم خەڵە کە پە لە خەشەویستی زەد و نیشتمان و خولیای ئازادی و ژگاری بوون، نەیانتوانی لە جەغزی قەزا و قەدەر، ئایین، چارنووس دەرباز بن، وەک سیاسییەکان، کە نەیانتوانی نەتەوە و زەد ژگار کەن، ئەوان سەبەری سیاسییەکان و سیاسییەکان سەبەری ئەوان بوون و هەر دوو نوخبەی نەتەوەیەکی گرفتار، گرفتاری دیکتاتەری سەر ئەرد و ئاسمان. ئەوان لە چنگ هیچیان ژگاریان نەبو، نەتەوەکەشیان لە گەڵ خەیان گرفتار هەشتەوە.

چاخی نوێ بۆ هونەرمەند و بیرمەندی کورد، چاخی کیانسازیی، بیرمەندیی و بیرکردنەوەیە، کە جیاوازە لە چاخی هەست و ڕەمانسیسمی ئەدەبی و سیاسی سەدەکانی پەشوو، جیاوازە لە گەڵ پەداهەڵگوتن و لاواندنەوە و پاڵەوانبازیی، جیاوازە لە ئایین و ئایینخوازیی، جیاوازە لە خوداگەرایی و شاخوازیی، جیاوازە لە خونەویستن و خەشکاندن، جیاوازە لە خۆ بەکەمزانی و ملکەچی، جیاوازە لە کووسانەوە لە بارگای خودا، بارگای شێخ، سوڵتان، بەگ و بەگخوازیی. چاخی نوێ لە جیلی نوێی نیشتمان مندا بەدی دەکرێ.

ئەوان خەیان لە خەناسین و خەناسینەوە و خەدەرخستنی گەورەترین نەتەوەی بە کیانی سەر گەی زەویی دەبینەوە، کە هەشتا هەگەکانی کەنی چاخی پەشووی لە جەستە و بیر و هزر و فەرهەنگ دوور نەخستەتەوە، بەهام زیندووە و بەهۆیە، وەک مریەم، سمکە، بەیان، تریفە، لەیلا، ئەیوب، جەمال، حامد و گەلەکی تر کە لە هەژهەلاتی من دەدەوشنەوە.

چاخی نوەی جیهان کە بەرەو ئەتەماسیەنی سەتا سەت و گەینی چنیەتی ئینسان و سرووشتی ژیان، کەمەگا، زمان، فەرهەنگ، هەست و نەست ملی ناوە، دەتوانە کورد بهاهە و بیتونەتەوە. کورد ئەو کاتە داهاتووی لە چاخی نوە، مسگەر دەبە کە خاوەنی خەی، کیان، دەستەلات و دەنگ بە، ئەوە ئەرکی هونەرمەند، نووسەر، نوخبە و هەر مرۆڤکی چاخی نوەیە، کە لە سەردەم و لە ویستی لە مەژینەی نەتەوە و خەکەکەی تەگەیشتبەت.

نوخبەی کورد لە خەی و چاخی نوە و مەترسەیەکانی داهاتووی نەتەوەکەی تەگەیشتووە؟
ئەگەئیسمی دواکەوتووانەی خەی لە کەلەکتیویسمی زیهنی، هزریی، فەلسەفی، زانستی، هونەریی، کاریی و فەرهەنگی نوەدا دیتەتەوە، یا لە گەژاویی هەژارانەی گرووپی، ناوچەیی، ئایینی، ئیدئەلژیکی نوقم بووە و کوەرکوەرانە نەتەوەیەک بەرەو هەدەر هادەکەشە؟
نوخبەی حەوت هەنگی کورد، پلان و پرۆژە و ستراتەژی بە چاخی نوەی نەتەوەکەی دیاری کردووە، یان بە کەسایەتی تەکشکاوی سەدەکانی هابووردووە، خەی گەیاندەتە چاخی نوە؟

سەردەمی هەست و هەمانسیسمی کورد بەسەر چووە، سەردەمی تەگەیشتن کە لە سەرەتای خەیدایە گەر قووەتر نەبەتەوە و جەغز و پەرژینە کەنەکان نەدەە و کەن هانەدا، داهاتوو لە بلقی هابووردودا دەتەقەتەوە!

سەری خەم هەدەگرم و هەدووی بایەکی بەوادە دەکەوم!
ئیشم زەرە
دەبە زەوی لەوەی کە هەیە هەراوتر بکەم!
پارچەیەک ئاسمانی بە هاگوەزم و خەر و مانگ و باران!
ئاااااای ئەی ئەوینی بزر بووم
لەوانەیە لەوە
بە کاتی روژهەلات بتدەزمەوە...
چاوەەم بن

ئەی شنۆ
ئەی هۆناسە
ئەی نۆو نیگای پڕ لە ئارامی! "مریەم قازی"

کۆگای گەنم ... نووسەر دڵشاد عەبدوڵلە

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
ناونیشانی کتێب
کۆگای گەنم
نووسەر
دڵشاد عەبدوڵلە
ژمارەی لاپەڕەکان
207
ساڵی چاپ
2018
نۆرەی چاپ
یەکەم
دیزاینی بەرگ
هێگر سدیق
دیزاینی ناوەکی
گۆران جەمال
کەتەلۆگ
لەکۆینەوەی ئەدەبی

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن
http://www.mukiryani.com/pdf/kelgay-ganm-s.pdf....



کە تۆ دێی … یاسین برایم

کە تۆ دێی…
ئەز بۆگەرد دەبم ئازیز
وەك هەناسەی گوڵە نازنازەکانی سپێدە
وەك دڵۆپە شەونمێکی شەرمنی
سەر دنکە تریەکی رەشمیری پایز.
***
کە تۆ دێی…
ڕەحم پێدەکەی ،
لە عەتری نەرگزو گوڵە هەز
لە عەتری ناسکەپوونگی دەم جگەی ئاو
عەتری خاکی یەکەم بارانی پاش پەڵە
عەتری جلی بووکینی و
عەتری پرچی بە شامپۆ شوشتراو.
***
کە تۆ دێی…
هەمن دەردەکەوم،
وەك ڕەحانێکی تازە چێندراو
وەك گوڵە نیسانێکی بۆ ناز
تەنانەت جوانیش دەبم!
وەك تریفەو وردە ئەستێرە
وەك خاخاوکەیەکی سەر بسکە گیایەکی تەڕ
وەك گوڵێکی سووری نێو پەرداخێکی ئاو
وەك ملوانکەیەکی زەنگیانەی سەوزێکی تۆخ

كه سەما دەكات لە گەردەنی كچێكی شۆخ
***
كه تۆ دڵی..
وەك چرایەك ، دادەگیرسێی
هەرچەند خۆشم بشارمەوە
هەست دەكەم ،
بۆنم دەكەیت ، پێم دەحەسێی
تۆ وەك پیرەدارچنارێكی شكۆمەند
پێ نەهێنی و
پێ لە نسێی..
***
كه تۆ دڵی..
ماڵم پێ دەبێت لە ئاواز
جیاواز لە ئاوازەكانی بیتهۆڤن
لە سەمای گوڵە گەنمێكی هەشگوێی دەم با
لە كەوتنی گەڵای شەنگەبییەك
لە ئاوازی پێ سزی هەنگڵك
كە بۆ ڕەحی خونچەیەك دەچڕێ
یا بۆماچی بەگەردی گوڵك
ڕەگای دوور دەگرێ
تا لە باوەشی بگرێ..
***
كه تۆ دڵی..
پیرۆز دەبم
وەك تاتە نوژەكانی ڕۆخ جگەهەو كانیاو
میهرەبان دەبم،
وەك سۆفییەكی ئیش بەفر
باوەشم دەبێتە باوەشی پەپولە
ژیان دەبێ بە پەڵكە زێرینەیەكی ڕەنگین
پەیڤەكانیشم ،
وەك پەیڤەكانی تۆ
دەبن بە هەنگوین..
***
كه تۆ دڵی..
باسی عەشق ناكەم
هاتنی تۆ عەشقە.
بوونت ، عەشقی ژیانە

ژیانیش بە تەوە جوانە.
***
کە تۆ دێی…
من دەبم بە تۆ
تۆدەبی بە من
ئای خودایە!
چەند پیرۆزو گەورەیە
باوەشی گەرمی ژن!!

*لە گۆڤاری (خازر) ، ژمارە (143) لە کانوونی یەکەم 2018 بڵاوکراوەتەوە.

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ د. کوردۆ عەلی دا … هەڵە بەرزنجەیی

چەند پێیڤێکی پێویست:

ئەم چاوپێکەوتنە، بەیەکمجار بۆ لە زیاتر لە ٢٠ ساڵ پێش ئێستا لە گۆڤاری خوێندکاری کورد دا بڵاوکراوەتەوە. گۆڤاری ناوبراو، بەهۆی کەم دەرامەتییەوە بۆ تیراژێکی کەم دەردەچوو و بڵاودەکرایەوە. لەم سەنگەرەوە باوەڕم وایە بەشێکی زۆری خوێنەری کورد و بگرە دەستانی کاک کوردۆش چاویان پێنەکەوتووە. بۆ یادی ئەم ساڵی کۆچی دوایی گیانی پاک و مەژووی پڕ لە تێکۆشان و خزمەتی وشەی کوردیی هاوبیر کوردۆ (١٩٥٠ ـــ ٢٠١٦)، بۆچاکم زانی جارێکی تر بۆ هەڵە و کەموکوڕی تایپی بکەمەوە و پێشکەش بە ئەوەی ئازیزی بکەم.
چاوپێکەوتنەکە تەروتەسەڵ و لەگەڵ هەندی مەژووییی و سیاسی و هۆشنبیرییەوە و تیشکێکی هەمەلایەن دەخاتە سەر کەمەڵە بابەت و باسی جەراوجەر.
هەڵە بەرزنجەیی ١٤/١٢/٢٠١٨ بەرلین

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ د. کوردۆ عەلی دا

۱- با لە پرسیارە نەریت و باوکەوە، بکەرنەوەی دەروازەی خەناساندنتان بە کورتی بە خوێنەر دەست پێ بکەین.

نەریت و باو وایە لە کن منیش خۆشتر دەبوو، گەر ئەوە ئەرکەتان کەشابا و وەک میوانێک بە خوێنەرانتان ناساندبام ، تا بواری ئەوەم نەبێت بەخۆم بکەومە خەمەکەشان و بەخۆدا هەڵگوتن. لە کە ئەوە نەیکەن، ناچارم خۆم بەمگە. بەر لەهەرشت دەبێت بەوە دەستپێبکەم و بڵێم:
هەندەی بیرم بێ بکات و لەو دەمەوە، خۆم ناسیوە، هەر نەوم (سەروەت محەمەد ئەمین) بووە. دیارە خۆم یادم نییە، لە لە زاری داک و بابم بیستووە، گوایە شەوی بەفرەزەرکەی ساڵی پێنجا، لەگەڵکی سەرچاوەی زەردیاوا(قەرەداغ) واقەواقم خستەتە نەو ماڵە جوتەرەکی هووت و برسییەوە. پاشان دەرکەوت ئەو شەوە دەکاتە،۲۰/۲/۱۹۵۰ لە هەر لەودەمەوە، بە ئەوەی کەس پرسێک بە خۆم بکات، سێ تەوقیان بەتەپزی لەگەردن ئاڵاندووم: تەنیا بەوەوە نەوەستاون کەبێ پرس و ڕازیبوونی خۆم کردوویانمە عەراقییش و موسەمانیش، بەڵکە هەژی لەدایکبوونی ئاسایی خۆشم پێوا نەدیتراوە، یەکەکی قەڵەب و ساختەیان بەسەردا ساخکردووم‌ەوە. وەک صەدان هەزار هاوتەمەنی هاودەردم ،۷/۱ کراوەتە تەماری ئەو هەژە خەماوییەی تێیدا چاوم بەژیانی کێلەیەتی و پێ چەرمەسەریی نەتەوە داماوەکەمدا هەهەناوە.
پاشان قەدەر بەرەو جیهانی بەرینی نووسینی ڕاپێچکردم، بە شوێن ونکە، نەوی (کوردە عەلی) م بە خۆ هەبژارد، کە دوور لە ئێستە، نەوی نهەنی سەردەمی حیزبەنەم بوو. ئێستا ئەم نەوەیانم زاڵترە و زەر هەن تەنها بەو نەوەوە دەمناسن.لەسەردانەوەی (هەواری دێان)مەدا،هەک کەوتووە،کەنە هاوڕێ و کەنە ناسیاوی خۆم، دەستی خێیان ڕاسپاردووە،(کوردە عەلی) یان پێبناسێنێت،نەیانزانیوە (کوردە) هەمان(سەروەتە چاوشین)کەی کەنە دەست و ناسیاریانە.

۲ـ سەرەتای خەڵزینەوەتان لە بواری خوێندنەوە و نووسیندا لە کوێوە دەست پێدەکات؟

ناتوانم تەواو تەواو داوی تاوی سەرەتای دەستدانە خوێندنەوەم دەستنیشان بکەم. ئەوە پرسەسەکی دوورودرێژە و بە چەند قەناغکدا تێپەیوە. کەمەک هەکار، چەند برایەکی دەسەز، پاڵکەشیان کردووم و بەو هەوەیاندا بردووم. ئەوەی لەبەردا پێویستە پێیلە بنەم و ئاشکرا دانی پێدا بنەم ئەوەیە کە من سەرەتای هەرزەکاری و لاوی، لەگەڵزاوی هەشەیی و بزەوی و تەمەڵی و سەرلەشێواویدا، گەنگەم

دەدا. سەرتاسەری ساڵانی قوتابخانەم هەتا بەدەرنرام، یەکێک بووم لە قوتابییە خراپەکان. لە گشت وانەکاندا کەمتوار بووم، لە لە داشتن و بەزماندا لە گشتیان کەمتوارتر ، ئیدی بەزمانی هەر زمانێک دەبا، با ببا. بەیە نەبەخەیاڵی خەمدا دەهات و نە بەبیری کەسدا، کە من بەژنێک لە بەژان ببمە نووسەریش و دکتەریش لە زمانەوانیدا.
دەگەمەو سەر پرسیارە سەرەکییەکەتان. هەندێ یادم بێت، چەژی شیعری کوردیی و شێدایییم بە خوێندنەوە و عەوداڵ بوونم بەدووی ئەدەبدا، لە جوامێریی دووکەسەوە چەکەرە و شکۆفەی کرد:
١ــ کوڕێکی قەشمەری قسە قیتی هەمیشە دەم بە خەندە بووە هاوڕێم، یادی بەخێر نەوی مامستا (عەبدوڵا بەمەزان)بوو. کەشکەڵێکی نایابی شیعری کوردیی بە خێی نووسیبووەوە، تەنها بۆ لەمەزیی نەدەبوو کە کەشکەڵەکەی وەخوەنم، بەڵکە بە کام و تامیشەوە، هەناوە پە چەژەکانی بە لەکدەدامەوە و گەلەکجاریش بەدەم لاسایی (شوکروڵەای بابان) ەوە بێ دەخوەندمەوە:
بەداوە، گرژ و خاوە، یەعنی ئاوەزاوە زوفەینی
دوو تاوە، دوو سیان و شۆڕکێ شەواوە زوفەینی
نێک هەر ئەوە، بەڵکە بە تەپزی ناچاری شیعریشی کردم و بەیەکەمجار بە تەنێ و لە داشرینی خێدا،
شیعرم بەکخست، لە دیارە شیعری بەچەژ و هەرزەکارانە.
٢ــ پورزایەکم کە نەوی (حاجی عەباس) ە،کتێبخانەیەکی ئاوەدانی هەبوو. سەرجەمی دیوانەکانی(قانیع) ی لە تاقە بەرگێکدا جەزووبەند کردبوو، زوو زوو لەم قەرز دەکرد و چەژەکی سەیرم لەدەچەشت و هەرگیز لەی تێر نەدەبووم، تایبەت شیعرە کاریکاتێرەکانی،ئەستاش زەربەیانم هەر لە بیرە. جگەلەوە هەموو ژمارەی گەڤارەکانی (پەیام)و(تووتن)و بەژنامەکانی (ژین)و(ژیانەوە)م، هەر لەوماڵە ئاوەدانەدا چنگ کەوت و گشت لە گشتیانم خوێندنەوە.

پەموایە ئەو دوو بڕا جوامێرە، بە ئەوەی بەخەبزانن، یەکەم مامستای ئەدەبیم بوون و هەر ئەوان بە شیری ئەدەب و زانست مەڵاشوویان هەداموە و فرچکیاندام و پاشان بەک برای دەسەزی دیکەش، ئەو ئارەزووە تازە چرێیان تیفتیفە دام. من لە بوونمدا وەکی ئەمەی هەم، سا ئیدی چاکبم، یا خراپ، دروستکراوی دەستی کەمەک برای بانرخ و دەسەزی خەمم. هەتا هەم، منەتبار و قەرزاربایانم، بە ئەوان و کەمەك و دەستگیرەیی ئەوان، ئەستەم بوو توانیبام ئاوها چەژ لە ژیان وەربگرم و خە بدەزمەوە و خزمەتەک بە نەتەوەکەم بکەم، دیارە لە حاڵەتەکدا گەر ئەو کەمە نووسینانەم،

بپژردرن و بۆ خزمەتک لەم قبوکرن.

٣ـ خولیای گۆرتان لە خوندنەوەدا چییە؟

گەر مەبەستتان لە خولیا، ئارەزوو و چێشی خوندنەوە بێت، ئەوا لەودەمەوە کە دەستم داوەتە خوندنەوە، بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوم و هەر قۆناغێش خولیا و ئارەزوویەکی جوداوازم هەبووە. وەک پێشان گوتم ،سەرەتا لە شیعرەوە تەهەچوم، تا زانستگەشم تەواوکرد، زۆربەی کاتەکەمم بۆ شیعر خوندنەوە دەبردەسەر و کام شیعر باشبا، بۆخۆی دەچووە بەرم. یادمە سالانی پاش هەرەسە ئۆژنەشکێن و هیوا هەڵتەکێنەکە، کە برای زۆدە ئازیز و مامۆستای هۆژام، کاکە شەرکە بکەس لە یەخسیریی و دەستبەسەریی عەجاج و سەبوون و سەرابەکەی ناحیەی (بەغدادی) بەسەردان دەگەڕایەوە،من شایی لە دەمدا دەگەڕا. زوو زوو سەیران و کەی دانیشتنی سەر کانی و ئاوەکەی (قووڕگەش) ی پشت ئۆزمەمان دێکدەخست، ئەو نوێترین شیعری شیرینی خۆی دەکردە لاوک و لانک و خەم و ژان و ئازارە بکەتایبەکانی زادەی هەرەسی ئادۆنین و دەیلاواندنەوە، بەو دەنگە بەسۆز و هەستهۆژێنەی خۆی کێچ و خاوی چەند ساڵێ و بەباس و دیان شاکاری دیکەی بە دەخوێندنەوە و منیش بەدیاریەوە هەڵدەتووتام و پێ بە ڕۆح و هەستم چێژی ئەو گوهەرە نرخدارانەم هەڵدەمشت و ساوائاسایی دەگریام و هەن هەن فرمێسکم هەڵدەڕشت.

لە ئێستەکە بەروبووی شیعر هەندە بەرکراوە، کە گەلەکجار لە ئۆژنامەکاندا، لەتەک لاپەڕەی وەرزشدا، لاپەڕەی شیعریش تەرکدەکەم. لەسەروختی هاتنە ئەوروپامەوە و لەو دەمەوە دەستمکردە خوێندن و سیاسەتم وەک تەرخانی دووەم هەڵبژارد، ئیدی خوێندنەوەی سەرچاوە سیاسیەکان، بەتایبەت و پلەی یەکەم ڕۆخنە لە بیر و ڕێبازی خز و هەڵدەری مارکسیزم لینینزم، بوونە خولیای هەمیشەییم و هەتا هەرەس و ئاشبەتاڵی بیر و بزووتنەوەی کۆمۆنیزم هەرەسی بەدەستمایەی ڕۆشنبیرییم نەهێنا، من بە ئەو بیر و بزووتنەوەیە بۆئەمەک مامەوە و قەت لە ڕۆخنە و نوقورچی ڕەوا بەبەشم نەکرد. هەرچەندە ئێستەکە هەستەکی دوو فاقانەم بەرامبەر بەو بیر و ڕێبازە لەکن هەسکاوە، لەناخەوە خەمبار و دڵتەنگم بە داهمانی، چونکە فەرمایشتی وەاتانی سەرمایەدار و بەرژەوەندپەرستی ئەوروپا سەرکەوت و مەیدانیان بە چەپ بوو، تا بەکامی دڵ تەراتێنی تێدا بکەن. لە قوڵایی دڵەوە شادم بە داهمان و هەرەس و ئاشبەتاڵی ، چونکە بیرکی تەتالیتەری، مرۆف چەوسێنەری، خوێنڕێژی، دەستبەسەرنگرە بوو، هیچ قسەی بە

مارکسپەرستست و کۆمۆنیستی مەلابەزێنی کورد نەهێشتووە و لێدەست فەتوای بێتام و وەستکەریان ڕزگارمان بوو.
لەپاڵ سیاسەت و ئێدیبدا، چڕێکی زۆر لە فەلسەفەش دەچێژم، جگە لە فەلسەفەی گریکی کۆن، شێدایەکی سەوداسەریی بیروبۆچوونە فەلسەفییە بەنرخەکانی سەر(کارل پۆپەر)م.

٤ ـ چ نوسەرێکی کورد کاری تێکردووە؟

باشتر وایە بڵێم چ نووسەرێک کاری تێنەکردووە! بەبۆای من مرۆ هەرچی دەخوێنێتەوە، کەم تا زۆر، کاری تێدەکات، بەڵام دوو جۆر کارتێکردن هەن، چاک و خراپ. بە نموونە هەیە لە قوناغێکی تەمەن و بیر و ژیانمدا، بە مامۆستای خەمم زانیوە و زۆریش کاری تێکردووم، لە کارێکی نزیکتی، چونکە زێتر جوێن و تەسکبینی و تەنگەتیلکەیی لێوە فێربووم. ئەوەش کارتێکردنە، بەڵام بەبارە دزێو و بەد و خراپەکەیاندا. هەشن گەلێک شتیان لێوە فێربووم، گەر لیستەی نوێیان هەبخەم هەنگە زۆر درێژە بکەشێت. ئەوانەی بەتامزرێیەوە نووسینم خوێندونەوە و چێژ و سوودی زۆرم لێوەرگرتوون، بە پلەی یەکەم ئەم مامۆستا هەژایانەن:
مەسعود محەمەد، هەژار، هەمن، هەردی، شەرکۆ بێکەس، شوکور مستەفا، عەزیز گەردی، سەعید ناکام، عەونەای حەسەنزادە، عەونا پشێو، کەمال مەزهەر، عەبدولڕەقیب یوسف و گەلێکی دی. هەبێت دەستەنگینی و کارتێکردنی نووسەر، بە کەموزۆری بەرهەمی نییە، بەڵکە بە شێواز و چۆشن و زمانی نووسینەکەیەتی. هەر بە نموونە شەهید هەوف زوهدی تەنها بە تاقە شاکارە(بە لە هەقە کەوتنە تەقە؟)، لە کن من هێندەی تر خۆشەویست و پایە بڵند بوو.

٥ـ خۆتان لە چ خانەیەکی فیکریی و جیهانبینی فەلسەفی دا دەبینێنەوە؟

من لایەنی کەم لەم قوناغەی ژیانم و بەدواوە، هیچ هەباز و فەلسەفەیەک لەخۆ ناکەم بە تەوق و بەتاقە هەبازێکی فەلسەفی قنیات ناکەم. جیهان لای من باخچەیەکی هەنگینی هەجگار فراوانی پە لە گوڵە، گەرکەم بەکامی دڵ، تەرتەر پە بە سیپەلکەکانم ، بەنی خۆشی تاقە تاقەی جوانترین گوڵ هەمژم. بە باوەڕ و قوناعەتی من، سەردەمی قەرخکردن و لەسەرخۆکردنە مالی ، تاقە ئیدیەلۆژیەک، بەسەرچوو. هیچ هەبازێکی فیکری خۆی بەتاک و تەنها ناتوانێت ببێتە هەچەتەی چارەی دەرد و ئازاری میللەتان و گشت زامەکانیان

ساڵڕکات. دەروەشگاریی و دەرگا و پەنجەرەی ئیدیالۆژی لەسەرخۆ داخستن و هەڵکوەمان لەسەرتاقە ڕەچکە و تاقە ڕەبازێکی فەلسەفی، سەرکەڵەمکردنی دەرگا و گرتنی شنەی هەوای پاقژ و بواری کەشکی ئازاد و فرەچەشن لەخۆ، بیرکە کرمەڵەز دەکات. ئەو ئیستراکەی چیدی جێگە ئاوی نەڕژێتەسەر، لیخن دەبەت و قەوزە دەگرێت و پاشان بەگەن دەکات.
نووسین و خوێندنەوەی مەڕوو، بە پەند و عیبرەت وەرگرتنەوە لە هەڵە و هەڵەشەیی خۆ و کەسان و لایەنکانی دی. پەموایە چارەنووسی تاڵ و مالی وەرانی کەمەنیستان ، زایەڵەی زەنگی خەتەر بەت، بۆئەو لایەن و کەسانەی لەخەوی غەفڵەت وەخەبەر نایەنەوە و هەشتا هەر دووی تراویلکە کەوتوون.
ئەمە نابەت بە ڕاڕایی و سەرلەشێواوی لەکبەدرێتەوە، چونکە من باوەڕم وایە، هەرچی بیر و فەلسەفەی کەڵەگرە، دەبەت بخرێتە خزمەتی مەسەلەی ڕەوای نەتەوەکەمانەوە. بەر لەهەر شت دەموکراسەتی و کەشکی ئازاد، وەکی هەوا و خەراک بە میللەتەکەمان پێویستن. کوردکوشتەی دەستی دیکتاتەرانە، بەیە دەبەت لەگشت میللەتەکی دی زەتر دژە دیکتاتەر و پاسەوانی دەموکراسەتی بەت، چونکە تەنها لەسایەی دەموکراسەتیدا تروسکەی هیوایەک بە کورد هەیە. من لە قەناعەتەوە باوەڕم بە دەموکراسەتی هەیە و پەموایە تەنها سیستەمێکە کە دەتوانەت کەتایی بە بەدبەختیی میللەتەکەمان بهێنەت، لە دیارە مەبەستم دەموکراسەتییەکی ڕاستەقینەی بە غەل و غەش، دەموکراسییەکی ماقوول، کە نە لەی داقپەندرەت و نەبگاتە ڕادەی بەڵەایی و ببەتە گاڵتەجاڕیی.

٦- باری ڕەشنبیریی کوردیی، چ لە وەات و چ لە هەندەران لە چ پلەیەکدا دەبین؟.

لەو هەڤپەیڤینەدا کە ڕەژنامەی «ئاڵای ئازادیی» هاوینی ١٩٩٦ لە سلەمانی دەگەڵی کردم، باری ڕەشنبیریی ئەم سەردەم و قەناغەم بەو سەردەمە شوبهاندووە کە لە مەڕوودا بەسەدەمی تاریکی « الفترة المظلمة» نەودەبرەت. لە مەڕووی نوێی کورد دا، قەت کورد: « دیارە مەبەستم کوردی باشوورە» هەندە بواری ئازادانەی نەبووە، بەڵام ئاخ بەدەست مرۆڤەوە بایە، بەدەستی کەسانکەوە بایە کە سەریان لە سیاسەت، لە خوێندەواریی، لە ڕەشنبیریی، لە سەدەی ئەتەم و ساتالیت و گەیشتنە ئەستێرکانی دی، دەرکردبا، ئالیەرەم عەقڵ و ئیگەرەم بۆرەم ویژدانیان هەبایە و چیدی ئەو میللەتە بەدبەختیان نەکردبا ئامەاز بە گەیشتنە ئارمانجی لەڵ و گاویان. ئەو پووڵەی بە فیشک

و بەمبا و تەقتەقی دەدەن و بەسکی برسیی و بەسنگی ڕووت و داچەکاوی ئەفسانەیی کوردیەوە دەنێن، بە نان و قسەم و گوێ و کاغەزیان دابا و منداڵانی بەبەشی کوردیان پێ فێرخوێندن و خوێندنەوە کردبا و بە شیری کوردایەتی فرچکیان دابان و تەوی خۆشەویستی و کوردپەروەریان لێ نەودا وەشاندبان، نەک خەخەیی و خەخەریی و تاقم تاقمنێ . چش لێ ژیانی ئێم هەموو وەچە خەرنەدیتووەی ئەوە، بەزەییکیان بەحاڵی وەچەکانی داهاتوودا هاتبایەوە. لێ صەد حەیف و مەخابن، ئەوانێ خوێن و ئاواتی پێتی و دوورەدەستن و هاتنەدیان لێم حاڵ و بارەدا و لێسایەی ئەو دەستێ و تاقمانەدا، زەر ئەستەمە.
دەربارەی باری ڕەشنبیریی لێ کوردستانی خواروودا ، تاڕانفرەشکردنی ئەو هەموو کتێبخانێ ناوازانەی ئەو خەڵکانەی دەیان ساڵێ کتێب کەدەکەنەوە، قسات و قەیسی کتێبی نوێ و نەبووەنی گەڤارێک، ڕۆژنامەیەکی ماقوول، کێ نەبووبێتێ سەکۆ و بەندگەی شەڕجوێنی حیزبانێ، بەدبەختی و نەهامەتییەکێ ئاشکرا دەکەن. نووسەران و ڕەشنبیران، ئەوانیان کێ ویژدان و قسەمی خیان بێ گەنجی قاروون نافرەشن و نابنێ فیقەنەی ئێم تاقمێ سیاسییە، یاخود ئەو تاقمەی دی، لانەواز و برسی و نەدارن و دەبەت لێ هەڵپەی بژێو پەیداکردندا بێن و سەرقاڵی گیرخستنی کوتانەکی بەمنەت بێن. لێ بارودۆخی ئاوهادا، نووسەری برسیی هەژبەسەر، چێن بیپەرژێتێ سەر خوێندنەوە و نووسین. تروسکەی کامەهیوا، وزەو تین و گوێ بەدێ و هەستی ناسکی ببەخشێت.

